سەماحەتی حەکیم بۆ شاندی دەزگای ئەوروپیبۆ گفتوگۆ.. عێراق ڕکا بەری سەختی بەڕێکرد ئەگەر ولاتی دیکە بەسەری هاتبا ئێستا لەبوون نەدەما



لەمیانەی چاوپێکەوتنی شاندێکی دەزگای ئەوروپی بۆ گفتوگۆ و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی بەڕێز عەلا ئەلبەهادلی بەریز سەید حەکیم سەرۆکی هێزەکانی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی نیشتمانی لەگەڵ ئامادەبووان بیروڕای گۆڕیەوە سەبارەت بە دۆخ و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و سروشتی ئەزموونی عێراقی و سیستەمی سیاسی و ئەو ڕکا بەریانەی ڕووبەڕووی هاتنەوە، لەگەڵ نووسینەوەی دەستووریش و ڕوونی کردەوە کە عێراق ڕکا بەری مانەوەی هەبوو، ئەوەی عێراق بەسەری هات هەر وڵاتێکی دیکە بوایە ئەوایە ئێستا بوونی نەدەبوو.

هەروەها سەماحەتی جەختی لەوە کردەوە کە دەستووری عێراق بەشێوەیەک نووسراوە کە هەموو خواستەکانی گەلی عێراق لەبەرچاو بگرێت و سەقامگیریی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەمنی ئێستا لەئەنجامی قوربانیدانی گەلی عێراق لەهەموو پێکهاتەکانەوە هاتووە و ئاماژەی بەوەشکرد کە عێراق ڕۆڵی هەیە لەکۆکردنەوەی بیروبۆچوونی لایەنەکانی ناوچەکە و گوتی ئاسایشی عێراق ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئاسایشی هەرێم و بەپێچەوانەشەوە هەیەو داوای دیالۆگی بەردەوامی کرد بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە.

سەبارەت بە قەیرانی غەززەدا بەڕێز حەکیم داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد دەستبەجێ دەستێوەردان بکەن بۆ ڕاگرتنی شەڕی قڕکەر لە دژی گەلی فەلەستین و داوای لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد سروشتی قەیرانی غەززە بۆ ڕای گشتی نێودەوڵەتی ڕوون بکەنەوە.